
# چیرۆکی تاڵانی بیر و رۆح



ئەمین گەردیگلانی-بۆکان

گەردەلوولێکی رۆژکوێر هەڵیکرد لەبیابانا
قاقڕی جێهێشت
لەبووڵێڵەدا

لاقی نابەسەر گلێنەی باخ و جەرگی کوێستانا
هەرچی پەلاش و قانگەلاشک و پوش هاتەسەر ڕێگەی
بردی لەگەڵ خۆی
کوزیلکەیان بەست
لەبوودرێکی کپ و تاریکی دوو پشکەلانا
لەزاخەییێکی جاڵجاڵووکاویو
دووکەڵە سواخی
سەدەی نەزانی تیرو کەوانا
گەردەلوولە کوێر،
قورمی وەراندو
لەسەر مۆغەرەی بەردێکی ڕەشی ئەشکەوت پەرەست
پاشەڵی دانا
وتی: هەوالان!
من لەبەر ئێوە
سەری خۆم کێشا بەشاخ و هەردو چیاو کەژانا
من لەبەر ئێوە
جەستەی سڕی خۆم
ڕاکێشا بەسەر چاڵووکەجاڕو
پێکوڵ و گوێنی و قامیشەلانا
تاکوو بتانبەم
هەڵکێشم بالای تامەزرۆییتان
لەجۆگەی شیرو هەنگوین و شەڕاب
بەژنی هەوەستان،
بنوێنم لەنێو کۆشی فریشتەوەو
باوەشی گا..
بابردەڵەکان
بەکڕنۆشەوە دەست لەسەر سینە
وەسەما کەوتن لەگەڵ هەنیسکی وشکی گریانا
ئەوانەی تۆزێ تەڕایی مابوو
لەنێو دەمارو مێشکی سڕیانا
گەردەلوول، یەکی تاجێکی لمی

کردە سەریان و
مێشکی لاواندن
لەژێر مشاری ماچی بەهەشتیی
کەڵپەو ددانا
تەواوی تین و گوڕی شاباڵی پشووی خۆی پێدان
یەکی کوانوویەك ژیلەمۆی دەهۆی
داشاری لەنێو چاڵی گەڵیانا
وتی: هەواڵان!
لەهەر کوێ دیتان
دیلانی سرەوەو کوڵکەزێڕینەو
گوڵ و ئاوێنەو
تیشك و بەهارە،
لەهەر کوێ دیتان
ژوانی گۆرانی و بزەو ئەوینە
لەگۆڕەپانی سەوزی ژیانا
فوو لەخۆتان کەن
گڕ لەخۆ بەردەن
تێیان رۆ وەرن
دەندووکی گڕو چڕنووکی دووکەڵ
بکەن بەچاوی گەنم و درەخت و
ئازادییانا
چونکە ئەوانە بوونەتە کۆسپ و لەمپەڕ لەسەر ڕێی
سووری بەهەشتێك
وا ئێمەی عاشق سەرمان بۆ دانا.